**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی تاوان لەسەر ژیانی سزادراوان

## دەزگای چاکسازی گەورانی هەولێر بەنمونە

**سورێن ئەکرەم حمەنجم**

بەشی کۆمەڵناسی, کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان , زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

surenakram@lfu.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**ڕێکەوتی توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٣/١/٣

پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٢/٣

بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

Social Qonsequenses, Victimology, Labelening Theory, Jail, Crime

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.8.3.5

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە خستنەڕووی شوێنەوارەکانی ئەنجامدانی تاوان لەسەر ژیانی سزادراوان، لە ڕووی تیۆرییەوە هەوڵدراوە چەمکی قوربانیناسی و تیۆری لەکە شیبکرێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، بەشێوەی مەبەستدار (٨٨) سزادراو وەرگیراوە و فۆرمی ڕاپرسییان پرکردۆتەوە، پاش ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی، وەرگرتنی نوسراوی لاری نەبوون بۆ دابەشکردنی فۆرمەکان بەسەر سزادراوانی دەزگای چاکسازی گەورانی هەولێر، دابەشکردنی فۆرمەکان بەسەر ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، داخل کردنیان بۆ بەرنامەی **SPSS** وشیکردنەوەیان، لەکۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

## پێشەکی

ئایا دەکرێت تاوانکاریش وەک قوربانی بناسین؟ ئەمە بابەتێکی سەرەکییە لەناو قوربانیناسی Victimology، قوربانیناسی یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی تاواناسی و بە لقێکی سەرەکی دادەنرێت. دەپرسێت: ئایا زیندانی کردن تەنها ڕێگەیەکە بۆ ڕێگریکردن لە تاوان؟ زیندانی کردن چ کاریگەری و شوێنەوارێک بەجێ دەهێڵێت لەسەر ژیانی سزا دراوان؟ ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم لایەنی تیۆرییە و دابەشکراوەتە سەر سێ بەش، بەشی یەکەم بریتییە لە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و تێیدا(گرفت، گرنگی، ئامانج)ی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو،

لەبەشی دووەمدا پێناسەی چەمکەکانی(شوێنەواری کۆمەڵایەتی،تاوان، سزادراو) کراوە، لەبەشی سێیەم، دوو باس هەیە، یەکەمیان تایبەتە بە شیکردنەوەی تیۆری لەکە، باسی دووەم تایبەتە بە خستنەڕووی بابەتەکانی قوربانیناسی. تەوەرەی دووەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە ئەویش لەبەشی چوارەم (کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، نمونەی توێژینەوەکە، میتۆدی توێژینەوەکە، کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان) خراوەتەڕوو. بەشی پێنجەم تایبەت کراوە بە خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، پاشان ئەنجام و پێشنیازەکان خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

### 1. گرفتی توێژینەوەکە

تاوان بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤایەتی، هیچ کۆمەڵگەیەک نییە تاوانی تێدا ئەنجام نەدرێت و هیچ مرۆڤێکیش نییە بەرەهایی لە تاوان دوور بێت، پاش ئەنجامدانی تاوان و دەستگیرکردن، سزادراوان دەخرێنە دەزگاکانی چاکسازی و چەندین گۆڕانکاری لەژیانیان ڕوودەدات، گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی دەمانەوێت بزانین سزادراوان چی بەدەست دەهێنن و چی لەدەست دەدەن لەکاتی بەندکردنیان؟ ئایا ئەم بەندکردنە چ شوێنەوار و لێکەوتێکی لەسەر ژیانیان دەبێت؟

### 2. گرنگی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەک گرنگی خۆی هەیە، گرنگیەکان دوو لایەن دەگرێتەوە، لایەنی تیۆری دەبێتە هۆی باشتر ئاشنا بوون بە زیان و لێکەوتەکانی ئەنجامدانی تاوان کە لەگەڵ خۆیدا چەندین شوێنەوار دەهێنێت، لە ڕووی پراکتیکیشەوە دەتوانین کۆمەڵێک ڕێنمایی و ڕاسپاردە بدەینە لایەنی پەیوەندیدار کە لە زیان و شوێنەوارەکانی تاوان کەم بکاتەوە لەسەر تاوانکار و قوربانی.

### 3. ئامانجی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوە ئامانجەکانی لە چەند خاڵێکدا دەخرێنە ڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1.ئایا ئەو سزادراوانەی ماوەی یاساییان تەواوکردووە، وەک تاکێکی ئاسایی پاش ئازاد بونیان دەتوانن ژیانێکی نوێی دروست بکەن؟

3.ئایا ئەنجامدانی تاوان، چ کاریگەرییەک لەسەر ژیانی دروست دەکات؟

4. لە ڕووی تیۆرییەوە، دەمانەوێت تیشک بخەینە سەر قوربانیناسی و شیکردنەوەی بۆ بکەین.

## بەشی دووەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە

### 1.شوێنەواری کۆمەڵایەتی

شوێنەوار بریتییە لەو هەلومەرجەی دوای ڕوداوێك دروست دەبێت؛ واتا پاشکۆی ڕوداوێکە کە دەکرێت سروشتی یان کۆمەڵایەتی بێت. گۆڕاوی یەکەم کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گۆڕاوی دووەم (پاشکۆ) هەیە، بەگۆڕانی ڕێژەی ڕووداوەکان ڕێژەی شوێنەوارەکانیش دەگۆڕێت ( Bushan ,Vidya & D.R Sachdeva,2005, p 71.) شوێنەوار، چەندین جۆری هەیە وەك(کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، دەرونی... تد) و یەکێکە لە لێکەوتەکانی گۆڕان لە کۆمەڵگەدا کە دەکرێت پۆزەتیف یان نێگەتیف، بە بەرنامە یان بێ بەرنامەبێت(David Ashley & David Michael, 2007, p 56) کەواتە دەتوانین بڵێین شوێنەواری کۆمەڵایەتی بریتییە لە دۆخی دوای ڕوداوەکان کە دەکرێت باش یان خراپ بێت، هەتا ڕوداوێك ڕونەدات شوێنەواریش ڕونادات؛ ئەم شوێنەوارە کاریگەری لەسەر بونیادەکانی کۆمەڵگە و ژیانی تاکەکان هەیە.

### 2. تاوان

بریتییە لە ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی کارێک کە بەپێی دەقێکی یاسایی سزای بۆ دیاری کراوە (Thomas J. Bernard and Jeffrey B. Snipes, 1997, p 39.) بەپێی دەستوری عێراق لە بەندی دووەم، دەربارەی ماف و ئازادییەکان، بەشی یەکەم/ مافەکان، لە لقی یەکەمی ئەم بەشە کە تیایدا ماددەکانی تایبەت بە مافە شارستانی و ڕامیارییەکان باسکراوە، لە ماددە 19 بڕگەی دووەم ئاماژە دەدات بە بنەمای (هیچ کەسێک تاوانبار ناکرێت و سزا نادرێت تەنها بە دەق نەبێت. هیچ کەسێک سزا نادرێت تەنها بەو کردەوانە نەبێت کە یاسا بەتاوانی دادەنێت، لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا نابێت سزایەک بسەپێنرێت کە توندتربێت لەو سزایەی کە بۆ ئەم تاوانە دیاری کراوە). (دەستوری عێراق، 2005، ماددە

19). کەواتە دەتوانین بڵێین تاوان بریتییە لە کارێک کە زیان گەیەنەرە و بەپێی یاسا ڕێگری لەو کارە کراوە.

## 3 . سزادراو

هەرسێک بەپێی مادده و بەندێکی یاسایی لەلایەن دادوەرەوە سزای بۆ دیاری کرابێت و دەسەڵاتی میری سەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی سزاکەی بکات ئەو کەسە بە سزادراو هەژمار دەکرێت.( Eugene McLaughlin and John Muncie, 2001, p 102). سزادراو ئەو کەسەیە لە دەزگاکانی چاکسازی میری بەندکراوە و لە کۆمەڵگە دوور خراوەتەوە بەهۆی ئەوەی کارێکی نایاسایی ئەنجام داوە و لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە سزای بۆدیاری کراوە.( *Mike Maguire and others, 2012, p 92.*) کەواتە پێویستە ئەو کەسە تاوانێکی ئەنجامدابێت و دەوڵەت سەرپەرشتی بەندکردنەکەی بکات، ئەوکەسەی لەلایەن دەستە و گروپێکەوە دەستگیراوە، بە بەندکراو دانانرێت، هەروەها پێویستە بەپێی بڕیاری دادگا و بەندێکی یاسایی سزادرابێت نەک لەسەر خواست و بڕیاری کەسێکی نایاسایی.

## بەشی سێیەم: قوربانی ناسی و لەکەی کۆمەڵایەتی

### باسی یەکەم: سزادراوان وەک قوربانی

قوربانیناسی Victimology چەمکی قوربانیناسی بۆ یەکەمجار لەلایەن بنجامین مێندێلسۆن Benjamin Mendelsohn بەکارهات لە ساڵی1947، چەمکی قوربانی victimی ئینگلیزی لە وشەی victima ی لاتینییەوە هاتووە، logy واتا زانین یان ناسین کە پێکەوە دەبنە قوربانیناسی. بنجامین بە باوکی قوربانیناسی دادەنریت، ئەم لقەی تاواناسی توێژینەوە لەسەر قوربانیانی تاوان و لە شوێنەوارەکانی تاوان لە سەر قوربانییەکان دەکات (*William Laufer, 1999, 223*) بۆنمونە: ئایا پیاوێک دەکوژرێت و ژنەکەی هاوسەرگیری دەکاتەوە و منداڵەکانی بەجێ دەهێڵێت، ئەم ڕوداوە چ کاریگەرییەکی لەسەر (دەرون، پەروەردە، ئابوری، خوێندن، ئایندە...) ی ئەو منداڵانە جێ دەهێڵێت؟ ئایا ژنێك لەسەر ناپاکی هاوسەرگیری دەستگیر دەکرێـت ناوبانگی کچ و کوڕەکانی چی لێ بەسەردێت؟ کەسێك هەموو سامانەکەی دەدزێت و هیچی نامێنێت ئایا ژیانی ئەو کەسە چی لێدیت؟ چۆن بتوانین کەمترین شوێنەوار لەسەر قوربانی بهێڵینەوە؟ چۆن وابکەین قوربانی نەبێتەوە تاوانبار و تۆڵە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگە نەکاتەوە؟ چۆن دەرونی قوربانی ئارام بکەینەوە؟ چۆن تاوانبار لە خێزانەکەی جیابکەینەوە و نەهێڵین خێزانەکەی ببنەوە قوربانی ؟ *Kelly Frailing , 2015, p 139* )

## سنوری زانستی قوربانیناسی

1. قوربانییەکانی تاوان پۆلێن دەکات بۆ :

أ.قوربانی ڕاستەوخۆ Direct victim: ئەوکەسەیە تاوانەکەی بەرامبەر دەکرێت و زیانێك بەر (جەستە، ئابوری، دەرون، هەست، ئابڕو...)ی دەکەوێت و شتێك لەدەست دەدات.

ب. قوربانی ناڕاستەوخۆ Indirect victim: ئەو کەسانەن ئەندامێکی خێزانەکەیان تاوان دەکات یان تاوانی لەگەڵ دەکرێـت.

ئەم زانستە دەیەوێت بزانێت کە یاساکانی وڵات چۆن مامەڵە لەگەڵ قوربانییەکانی تاوان دەکەن و چۆن ئەرکی سەرشانییەکان سوك دەکەن. ئایا ئەو تاکەی لە دۆخێکی (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، دەرونی، ڕۆشنبیری، جوگرافی...) کۆڵەوار وداڕوخاو دەژی پاشان بەهۆی ئەم پاڵنەرانەوە تاوانێك ئەنجام دەدات ئایا ئەم کەسە بە تاوانکار سەیری بکەین یان بە قوربانی دۆخی ژیان؟ چۆن وابکەین قوربانی نەبێتەوە تاوانکار و بیر لە تۆڵە و کاری نایاسایی نەکاتەوە؟ چۆن وابکەین تاوانکار وەك قوربانی سەیر بکەین وکاری لەسەر بکەین تاکو هەست بە هەڵەکەی خۆی بکات و بیکەینەوە بە کەسێکی دەروندروست؟ چۆن (ئابڕو، دەرون، ئابوری، لایەنی کۆمەڵایەتی، ژینگەی کۆمەڵایەتی و خێزانی...) تاوانکار چاك بکەین و وابکەین بەهۆی دوری دایك یان باوکیان پەروەردەیەکی دروستیان هەبێـت و ئەوانیش نەبنە تاوانکار، ئەگەر پشتگوێ خراون و بە کەم سەیر بکرێن و ئەمەش بووە هۆی تاوانکردن و چەقاوەسو بونی ئەندامانی ئەو خێزانە ئایا ئەمانە وەك تاوانکار سەیرکران یان وەك قوربانی دەستی کۆمەڵگە کە پشتی تێکردوون و نازناوێکی خراپی لەسەر داناون.چۆن بتوانین پەیوەندییەکی مرۆڤانە و دروست لەنێوان تاوانکار و قوربانی دروست بکەینەوە؟ کام ( تەمەن، ڕەگەز، نەژاد، ڕەنگی پێست، چین، توێژ...) زیاتر دەبنە قوربانی تاوان و تاوانیان زیاتر لەگەڵ دەکرێت؟ *Russell Hogg and Kerry Carrington, 2002, 71*

## باسی دووەم: کاریگەری **لەکە ( الوصم)labeling لەسەر ژیانی بەندکراوان**

هەردوو زانا ئێدواین لیمێر E.M Lemer و هاوارد بیکەر ی H.Becker ئەمریکی ئەم تیۆرەیان دامەزراندووە، لمێرت لە کتێبەکەیدا بەناوی (نەخۆشی کۆمەڵایەتی SOCIAL PATHOLOGY، لە 1951 بڵاوی کردەوە، هاوارد بیکەر لە کتێبی (هزری کۆمەڵایەتی لە خورافەوە بۆ زانست) social thought from lore to science ئەم تیۆرەیان دامەزراند، پاشان بارنز لی لە کتێبی (بێگانەکان: چەند توێژینەوەیەك لە کۆمەلناسیی لادان the outsiders: studies of sociological deviance) چەندین زانیاری بۆ ئەم تیۆرە زیادکرد، ئەم تیۆرە بەشێکە لە تیۆری ڕۆڵ و باس لە ڕەفتاری تاك دەکات لە کۆمەڵگەدا، لە ڕاڤەکردنی ڕەفتاری تاوانکاری و لادەری بەکار دەهێنرێت. *Joseph E. Jacoby and others, 2012, p89*

ئەم تیۆرە جەخت دەکاتە سەر تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئاکاری تاك؛ کاتێك لە کۆمەڵگەدا تاوانێك ئەنجام دەدات لەوە بە دواوە کۆمەڵگە تێڕوانینێکی جێگیر و نەگۆڕی دەبێت بۆ ئەو تاکە. کاتێك تاك خۆی دەبینێتەوە کە بە درێژایی ژیانی تۆمەتبار دەکرێت بە ئەنجامدانی تاوان، ئەو کات هەرگیز ناتوانێت بۆ باشتر بگۆڕێت و لە کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەت بێزار دەبێت. لێرەدا کۆمەڵگە تاوانکار ناچار دەکات دووبارە تاوان ئەنجام بداتەوە، ئەمەش وەك تۆڵەکردنەوەیەتی لە کۆمەڵگە.

بە پێچەوانەشەوە ئەم تیۆرە هەر ڕاستە، چونکە زۆرجار لە کۆمەڵگەدا تاك تاوان ئەنجام دەدات بەڵام کۆمەڵگە (لەکە)یەکی پۆزەتیڤی بۆ تاك هەیە چونکە پێشتر ئەم تاکە ناوبانگێکی باش و پلەیەکی بەرزی هەبووە. ئەم تیۆرە پێی وایە ئەوانەی سەر بە ناوەندێکی کۆمەڵایەتی نزمن و ئاستی ئابوریان لاوازە؛ کۆمەڵگە زیاتر(لەکە)یەکی نێگەتیڤی بۆیان دەبێت.

هەروەها هەندێك کەس تاوان ئەنجام دەدەن بەڵام کۆمەڵگە (لەکە)یەکی پۆزەتیڤی هەیە بۆیان چونکە سەر بە ناوەندیکی کۆمەڵایەتی بەرزن و ئاستی ئابوریان بەرزە. لەو کاتەدا کاردانەوەی ئەمان بریتییە لەوەی بە هەمان شێوە تۆڵەی خۆیان لە کۆمەڵگە دەکەنەوە و پێیان وایە کۆمەڵگە نەزان و گەوجە ئەگەر تاوانی گەورەتریش بکەن کەس پێیان نازانێت *Michael Lynch and others, 2011, p102*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تیۆری لەکە تاوانەکان بۆ دوو پۆلی سەرەکی دابەش دەکات:

1. ئەو تاوانانەی کە تاك ئەنجامی دەدات لە بەر فەراهەمبونی هۆکارە سەرەتاییەکانی تاوان وەك (هەژاری، خراپی خێزان و پەروەردە، نەخۆشی دەرونی، لاسایکردنەوە، لاوازی کۆنترۆڵ، پێگەیاندنی خراپ...)
2. تاوانە لاوەکییەکان: خاوەن پێشینەکان سەرەتا تاوان ئەنجام دەدەن، دوای وەرگرتنی سزا و گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگە؛ بەڵام کۆمەڵگە هێشتا تۆمەت و لەکەیەکی نێگەتیف بەو تاکانە دەدات، واتا لە جاری دووەم کۆمەڵگە؛ تاك ناچاردەکات کە تاوان ئەنجام بداتەوە، چونکە بە نزم و کەم ئەو تاکە دەبینێت و ئامادەنییە جارێکی تر قبوڵی بکەنەوە، بۆیە ئەو تاکە لەبەرچاوی خۆی دەخەن و متمانەی پێ ناکەنەوە.

کەواتە لە جاری دووەم هۆکارەکانی تر پاڵنەری سەرەکی تاوان نین بەڵکو لەکەیەکی نێگەتیف هۆکاری تاوانە، کۆمەڵگە؛ تۆبە و پەشیمانی و دوبارە پێگەیاندنەوە ....ی تاکی تاوانباری قبوڵ نییە و بڕیاری چەسپاوی هەیە بۆ تاکەکە. ئەمە نەك تەنها بۆ تاك بەڵکو بۆ خێزان و بنەماڵەی تاکیش هەمان هەڵسەنگاندن دەکرێت.*Freda Adler and others, 2010, p 132*

### بنەما سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە:

1. تاك تاوانێك ئەنجام دەدات؛(سزا درابێت یان نا) ئەم سزایەش فەرمی بێت یان نافەرمی.
2. تۆمەتبارکردن و تێڕوانینێکی جێگیر و نێگەتیف بۆ تاکی تاوانبار، دوای ئەوەی ئەو تاکە پەشیمان بۆتەوە و سزای خۆی وەرگرتووە، ئامادەیە ژیانێکی نوێی هەبێت و شەرم لە ڕابردووی خۆی دەکات.
3. ئەم لەکەدارکردن و تۆمەتبارکردنە دەبێتە هۆی دروستبونی ڕق و توڕەیی لەنێوان تاك و کۆمەڵگە، ناتوانن یەك قبوڵ بکەن و پەردەیەکی نوێ لەگەڵ یەك هەڵبدەنەوە، ئەو هەڵسەنگادانە نەرێنییە دەبێتە هۆی ئەوەی دژایەتی یەکتر بکەن.
4. لە ئەنجامی هەست برینداركردن و وەرنەگرتنەوەی تاك لە لایەن کۆمەڵگەوە، تاکی تاوانبار بە تەنها یان بە گروپی هاوشێوەی خۆی هەوڵی تۆڵەکردن دەکەنەوە لە کۆمەڵگە و دوبارە تاوان ئەنجام دەدەنەوە، بۆیە داهاتوویان وەك ڕابردوویانی لێدێتەوە. تاکەکە خۆی یەکلایی دەکاتەوە لەسەر ئەنجامدانی تاوان و بەردەوام دەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. ئەنجامدانی تاوان تەنها پەیوەست نییە بە تاکی تاوانبارەوە بەڵکو پەیوەستە بە کەلتوری کۆمەڵگە و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە، هەتا کۆمەڵگە بچوکتر و نەریتی تر بێت لەکەی چەسپاوی زیاتر دەبێت بۆ تاك، بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە و لە کۆمەڵگەی پیشەسازی و مۆدێرن تاکەکان کەمتر دەست وەردەدەنە ژیانی یەکەوە.

6. هەتا پێگەی کۆمەڵایەتی و چینی تاك نزم تربێت لەکەی جێگیرتر و نەگۆڕتر هەیە بۆی؛ بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. سپی پێست کەمتر لەکەی نێگەتیڤی لەسەرە و ڕەشپێست لەکەی زیاتری لەسەرە.*Alex R. Piquero and David Weisburd, 2010, p 122*

بۆنمونە: ئەگەر ژنێك بەهۆی (هەژاری، خراپی خێزان و پەروەردە، بەزۆر بەشودان، لاسایکردنەوە، لاوازی کۆنترۆڵ، خراپی مێردەکەی......) توشی ناپاکی هاوسەری بێت و ئاشکرا بێت. پاش زیندانی کردن و ئازاد بوونی هەرچەندە پەشیمان بوبێتەوە و بە ڕەفتار و ڕەوشتێکی تازەوە بێتەوە ناو کۆمەڵگە؛ بەڵام کۆمەڵگە بە هەمان چاو سەیری دەکات و (لەکە) یەکی نێگەتیڤیان هەیە بۆی.
کەواتە کۆمەڵگە؛ ئەو ژنە توشی دارمانی دەرونی دەکات چونکە (کەس ئامادە نابێت بیکاتە هاوسەری خۆی، کەس ئیش و کاری ناداتێ، بەبێ ڕێز و بەد ڕەوشت دەزانرێت، لەوانەیە بەکەم و گاڵتەجاڕییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن، زۆرجار هەموو خزمەکانی پەیوەندی لەگەڵ دەپچڕن...... ) بۆیە لە جاری دووەم کۆمەڵگە خۆی ئەو ژنە ناچار دەکات دەست بە لەشفرۆشی بکات و لەسەر لادانی سێکسی ڕابێت.

## لێرەدا چەند پرسێك دروست دەبێت:

1.ئەگەر زیندانیەکی تازە ئازادبوو بەهەمان چاو سەیر بکرێت کە تاوانبارە، ئەی سودی دەزگای چاکسازی کۆمەڵایەتی چیە لە کۆمەڵگەدا؟

2.کۆمەڵگە خۆی تاوان لەگەڵ خۆی دەکات بەوەی (لەکە) یەکی پۆزەتیڤ دەدات بە بەرپرس و ئەو تاوانبارانەی پێگەی بەرزیان هەیە لە کۆمەڵگەدا ! ئیتر بۆ گلەیی لە دەسەڵاتدار دەکات کە گەندەڵی دەکات و خزمەت ناکات!؟

3.لەکاتێکدا کۆمەڵگە خۆی تاك ناچار دەکات تاوان بکات، ئەی چۆن دەبێت دووبارە ئەو تاکە بە کەسێکی مەترسیدا سەیر بکرێت و زیندان بکرێتەوە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. ئەگەر کۆمەڵگە هیچ ئامراز و هۆکارێکی نەبێت بۆ پەروەردەکردن و دووبارە بە کۆمەڵایەتی کردنەوەی تاك یان ڕێگرتن لە دووبارەکردنەوەی تاوان !! ئایا لەو کاتەدا کۆمەڵگە تاوانبارە یان تاك ؟

*Russell Hogg and Kerry Carrington, 2002, p96*

## تەوەرەی دووەم/ لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

### بەشی چوارەم: چوارچێوەی تیۆری و کاری مەیدانی توێژینەوەکە.

### یەکەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی نمونە.

أ. **کۆمەڵگەی توێژینەوە**: دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە قۆناغێکی گرنگە لە پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە، بەئەندازەیەك سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی توێژینەوەکەی لەسەر وەستاوە. بۆ ئەم توێژینەوەیەش کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە **(دەزگای چاکسازی گەورانی هەولێر).**

ب. **هەڵبژاردنی نمونە:** لەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی نائەگەری - مەبەستدار لەدەزگای چاکسازی گەورانی هەولێر ( ٨٨) سزادراومان هەڵبژاردووە. نمونەی مەبەستدار، ئەو جۆرە نمونەیە، توێژەر بە مەبەست ئەندامەکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاری دەکات نەك بەشێوەیەکی هەڕەکەمی، ئەویش دەبێت ئەندامان ئەو تایبەتمەندییەیان تێدابێت و لەگەڵ ناونیشان و گرفتی توێژینەوەکە بگونجێن.

**دووەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:** چەندین ئامرازی گرنگ هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە توێژەرانی کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە توێژینەوەکانیاندا پشتی پێ دەبەستن. ئەو ئامرازەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە (فۆرمی راپرسی)، ئەویش لە کۆمەڵێك پرسیاری زانستی ڕێکخرابوو بۆ(30) پرسیار بەپێی ناوەرۆك وئامانجەکانی توێژینەوەکە.

### سێیەم: میتۆدی توێژینەوە و بوارەکانی

**1. میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا (میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی/ ڕوپێوی شیکاری) مان بەکارهێناوە، ئەم میتۆدە زیاتر توێژینەوە لەسەر دوو گۆڕاو یان زیاتر دەکات واتا کاریگەری ڕوداوێك لەسەر ڕوداوێکی تری ژیان، ئەم میتۆدە خزمەت بە پلانی کۆمەڵایەتی دەکات و دەتوانێت ئایندەبینی دروست بکات،لە ڕێگەی میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتیەوە زانیارییە ئامادەکراوەکان لە کۆمەڵگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەکە وەردەگیرێت، ئامانجی ئەم میتۆدە گشتاندنی ئەنجامەکانی زانیارییە کۆکراوەکانە یان دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوە. (Berg, B, 1998, p77)

**2. بوارەکانی توێژینەوە:**

**أ) بواری شوێن:**دەزگای چاکسازی گەورانی هەولێر.

**ب) بواری مرۆیی**: بریتییە لە سزادراوانی دەزگای چاکسازی گەورانی هەولێر، لە سێ مانگ سزادراو دەگرێتەوە هەتا دەگات بە لە سێدارەدان.

**ت) بواری کات**: ئەم توێژینەوەیە لە ڕێکەوتی (2022/10/9 ) دەست کراوە بە کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بواری تیۆری و لە (2022/12/7) کۆتایی هات، بەڵام بواری پراکتیکی لە 2022/12/20 لەگەڵ ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە دەست کرا بە کۆکردنەوەی زانیاری و لە 2023/1/18 بواری پراکتیکی کۆتایی هات.

بەشی پێنجەم: شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییە بەدەستهاتووەکان

| ژ | باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | سەڵت | 29 | 33٪ |
| ٢ | خێزاندار | 38 | 43.1٪ |
| ٣ | جیابووەوە | 21 | 23.9٪ |
| ٤ | کۆی گشتی | 88 | 100٪ |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت، ٣٣٪ سزادراوان سەڵتن، ٤٣٪ سزادراوان خێزاندارن، ٢٣٪ سزادراوان لە هاوسەرەکانیان جیابوونەتەوە. کەواتە ئەنجامدانی تاوان و سزادانی تاوانباران یەکێکە لە هۆکارەکانی زۆربوونی تەڵاق لە کۆمەڵگەی کوردیدا. بەو مانایەی هەتا ژمارەی تاوان و سزادان زیاتر بێت دیاردەی تەڵاقیش زیاتر دەبێت.

| ژ | بڕوانامە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | بنەڕەتی | 39 | 44.3٪ |
| ٢ | ئامادەیی | 28 | 31.8٪ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | دبلۆم | 8 | 9.1٪ |
| ٤ | بەکالۆریۆس | 13 | 14.8٪ |
| ٥ | خوێندنی باڵا | 0 | 0٪ |
| ٦ | کۆی گشتی | 88 | 100٪ |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت، هیچ سزا دراوێک بڕوانامەی خوێندنی باڵای نییە، کەواتە بڕوانامە کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی دووربون لە تاوان، هەروەها ٤٤.٣٪ سزا دراوان تا ئاستی بنەڕەتییان خوێندووە. ٣١.٨٪ سزا دراوان تا ئاستی ئامادەییان خوێندووە. لە خشتەکەدا دەردەکەوێت هەتا ئاستی خوێندنی تاک بەرز بێتەوە ئاستی ئەنجامدانی تاوان کەم دەبێتەوە.

| ژ | تەمەنی ئەنجامدانی سزا | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | 18-22 | 5 | 5.7٪ |
| ٢ | 23-27 | 19 | 21.6٪ |
| ٣ | 28-32 | 30 | 34.1٪ |
| ٤ | 33-37 | 16 | 18.2٪ |
| ٥ | 38-42 | 8 | 9.1٪ |
| ٦ | ٤٣ –بۆسەرەوە | 10 | 11.4٪ |
| ٧ | کۆی گشتی | 88 | 100٪ |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت، ٣٤.١٪ سزادراوان لەکاتی ئەنجامدانی تاوان تەمەنیان لە نێوان ٢٨ – ٣٢ساڵیدا بووە، هەروەها ٥.٧٪ ی سزادراوان تەمەنیان لەنێوان ١٨ – ٢٢ ساڵی بووە، کەواتە تەمەن پەیوەندی هەیە بە ئەنجامدانی سزا، هەتا تەمەن بجێتە سەرەوە ڕێژەی ئەنجامدانی تاوانیش کەم دەبێتەوە.

| ژ | باری کۆمەڵایەتی | ماوەی سزا | | | | | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 3 - 7 | 8 -12 | 13 - 17 | 18 - 22 | سێدارە | | |
| 1 | سەڵت | 13 | 3 | 6 | 4 | 3 | 29 | %32.9 |
| 2 | خێزاندار | 17 | 6 | 8 | 3 | 4 | 38 | %43.3 |
| 3 | جیابووەوە | 2 | 5 | 3 | 5 | 6 | 21 | %23.8 |
| 4 | کۆی گشتی | 32 | 14 | 17 | 12 | 13 | 88 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | ڕێژەی سەدی | %36.5 | %15.9 | %19.3 | %13.6 | %14.7 | | |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەو سزادراوانەی سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت و خێزاندارن، لە هاوسەرەکانیان جیادەبنەوە، هەروەها زۆرینەی سزادراوان خێزاندارن کە ڕێژەکەیان ٤٣.٣٪ ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەن، هەروەها ٣٦.٥٪ ی سزا دراوان بۆ ماوەی ٣-٧ ساڵ سزا دراون، ١٤.٧٪ بە لە سێدارەدان سزا دراون، کەواتا، تاوانی کوشتن بەشیکی گەورەی تاوانە لە دەزگای چاکسازی گەورانی هەولێر.

| ژ | تەمەن | ماوەی سزا | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 3 - 7 | 8 - 12 | 13 - 17 | 18 - 22 | سێدارە | |
| ١ | ١٨ - ٢٢ | 4 | 0 | 0 | 1 | 0 | 5 |
| ٢ | ٢٣ - ٢٧ | 9 | 6 | 2 | 2 | 0 | 19 |
| ٣ | ٢٨ – ٣٢ | 9 | 3 | 8 | 2 | 8 | 30 |
| ٤ | ٣٣ – ٣٧ | 5 | 2 | 6 | 3 | 0 | 16 |
| ٥ | ٣٨ - ٤٢ | 0 | 1 | 1 | 4 | 2 | 8 |
| ٦ | ٤٣ – بۆ سەرەوە | 5 | 2 | 0 | 0 | 3 | 10 |
| ٧ | کۆی گشتی | 32 | 14 | 17 | 12 | 13 | 88 |

لە پەیوەندی تەمەن بە ماوەی سزاوە، بەپێی ئەم خشتەیە دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەوانە کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە تەمەنیان لە نێوان (٢٨–٣٢ ) ساڵیدایە و بەهۆی ئەوەی تاوانی (کوشتن) یان ئەنجامداوە ئەم سزایەیان لەسەر سەپێنراوە، هەمان ماوەی تەمەن زۆری نەیان بۆماوەی (١٨–٢٢) ساڵ سزای زیندانیان بۆ دیاریکراوە. ئەوانەی کەتەمەنیان لەنێوان (١٨–٢٢) ساڵیدایە کەمترین ماوەی سزایان لەسەر سەپێندراوە.

| ژ | پرسیارەکان | زۆر هاوڕام | هاوڕام | نازانم | هاوڕانیم | لەدژیم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەهۆی دەستگیرکردنمەوە هیچ پەیوەندییەکم بە ئەندامانیماڵەوەمان نەماوە و سەردانم ناکەن. | %٢١.٧ | ١٧% | ٤.٥% | ١٩.٣% | ٣٧.٥% | ١٠٠% |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | ناتوانم وەک کەسێکی ئازاد کۆنترۆڵی ئەندامانی خێزانەکەم بکەم و بەپیی خواست و ویستی من ڕەفتار ناکەن | ٢٣.٩% | ٣٠.٧% | ١١.٤% | ١٨.٢% | ١٥.٨% | ١٠٠% |
| ٣ | دەستگیرکردنم بووە هۆی ئەوەی لەژیانی هاوسەرگیری شکست بێهنم. | ٢٠% | ١٤.٤% | ١١.٤% | ١٩.٧% | ٢٩.٥% | ١٠٠% |
| ٤ | پاش ئازاد بونم هیچ کێشەیەکم بۆ دروست نابێت،ئەگەر بمەوێت بەئاسانی دەتوانم هاوسەرگیری بکەم. | ٣٣% | ١٨.٢% | ٢٠.٠% | ١٢.٥% | ١٥.٨% | ١٠٠% |
| ٥ | تەمەنم بەسەر چووە و پاش ئازاد بونم نامەوێت منداڵ بخەمەوە.. | ٢٥% | ٢١.٦% | ١٤.٨% | ١٣.٦% | ٢٥% | ١٠٠% |
| ٦ | چێژ لە ژیان وەرناگرم و بێزارم لە ژیان | ٣٧.٥% | ٦.٨% | ١٢.٥% | ١٩.٣% | ٢٣.٩% | ١٠٠% |
| ٧ | هەست دەکەم تەمەنم بەفیرۆ چووە. | ٣٩.٨% | ١٩.٣% | ١٢.٥% | ١٣.٦% | ١٤.٨% | ١٠٠% |
| ٨ | هیوام ئامانجم نەماوە و خۆم داوەتە دەست قەدەر. | ٤٤.٣% | ١٥.٩% | ٥.٧% | ١١.٤% | ٢٢.٧% | ١٠٠% |
| ٩ | هەست بە بێکەسی و بێ پشتیوانی دەکەم. | ٣١.٨% | ١٩.٣% | ٥.٧% | ١٧% | ٢٦.٢% | ١٠٠% |
| ١٠ | بەهۆی دەستگیرکردنەوە توشی خەمۆکی بووم. | ٣٩.٨% | ١٩.٣% | ١١.٤% | ١٥.٩% | ١٣.٦% | ١٠٠% |
| ١١ | دەرونم ئازارم نادات کە تاوانم کردووە. | ٢٧.٣% | ٢١.٦% | ١٣.٦% | ١٧% | ٢٠.٥% | ١٠٠% |
| ١٢ | نەبوونی ئازادی لە (ڕەفتار، خواردن، خەوتن...) بێزاری کردووم | ٢٥% | ١٧% | ٤٠.٩% | ١٠.٣% | ٦.٨% | ١٠٠% |
| ١٣ | پاش تەواوکردنی ماوەی یاسایی، دەتوانم وەک کەسێکی ژیان دەست پێ بکەمەوە. | ٤٠.٩% | ٢٨.٥% | ١٣.٦% | ١٢.٥% | ٤.٥% | ١٠٠% |
| ١٤ | پاش ئازادبونم، پێم وانییە بەئاسانی تێکەڵی کۆمەڵگە ببمەوە و کۆمەڵگە پەرێکی تازەم لەگەڵ هەڵبداتەوە | ١٧% | ٢٦.٢% | ١٤.٨% | ١٩.٣% | ٢٢.٧% | ١٠٠% |
| ١٥ | سمینار، وتار، کتێبەکانی ناو چاکسازی بیرکردنەوەمای نەگۆڕیوم. | ٢١.٦% | ٢٦.٢% | ١٩.٣% | ١٧% | ١٥.٩% | ١٠٠% |
| ١٦ | پاش ئازاد بونم، گرفتەکانم ژیانم هەر دەمێنن و بەئاسانی چارەسەر نابن. | ٣٠.٧% | ٢٨.٤% | ١٠.٢% | ١٢.٥% | ١٨.٢% | ١٠٠% |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | لەو ماوەی لە چاکسازی بووم، خۆم توانیومە بیرکرنەوەی خۆم بگۆڕم. | ٣٧.٥% | ٢٨.٤% | ١٠.٢% | ٩.١% | ١٤.٨% | ١٠٠% |
| ١٨ | پاش ئازادبونم نیازم وایە لە کوردستان بژیم و کۆچ نەکەم بۆ هەندەران | ٢٥% | ١٣.٦% | ٣٠.٧% | ١١.٤% | ١٩.٣% | ١٠٠% |
| ١٩ | دەستگیرکردنم بووە هۆی ئەوەی لە خوێندن دابڕێم و واز لە خوێندن بهێنم. | ٣٩.٨% | ١٥.٩% | ١٢.٥% | ٢٢.٧% | ٩.١% | ١٠٠% |
| ٢٠ | من شایستەی ئەو حوکمە نەبووم، کۆمەڵگە بێ ڕەحم بوو بەرامبەرم. | ٤٦.٦% | ١٩.٣% | ١٤.٧% | ١١.٤% | ٨% | ١٠٠% |
| ٢١ | پاش ئازاد بونم، کێشە کۆمەڵایەتییەکانم چارەسەر نابن و لە دوژمنداری دەترسم. | ٢٨.٤% | ١٧% | ١٧% | ٢٢.٨% | ١٤.٨% | ١٠٠% |
| ٢٢ | هەست دەکەم، دەمتوانی ڕێگەیەکی دیکە هەڵبژێرم و توشی تاوان نەبم. | ٢٣.٩% | ٢٢.٧% | ٢١.٦% | ١٩.٣% | ١٢.٥% | ١٠٠% |
| ٢٣ | ئاگاداری ئەوەم، لەپاش ئازاد بونم لەکەرتی حکومی دانامەزرێم و کارم پێ نادرێت. | ٣٣% | ١٨.٢% | ٢٧.٣% | ١٢.٥% | ٩% | ١٠٠% |
| ٢٤ | سەرباری ئەوەی دەستگیر کراوم، قەرەبوی پارەم داوەتە لایەنی زیان لێ کەوتوو. | ٢٨.٤% | ٢١.٦% | ٢٥% | ١١.٤% | ١٣.٦% | ١٠٠% |
| ٢٥ | بەهۆی دەستگیرکردنمەوە قورسایی زۆرم خستۆتە سەر ئەندامانی ماڵەوە و هەست دەکەم بێزار بوون لێم. | ٤٥.٥% | ١٤.٨% | ١١.٤% | ١٣.٦% | ١٤.٧% | ١٠٠% |
| ٢٦ | پاش ئازاد بونم دەتوانم قەرەبوی ئەو زیانە مادییە بکەمەوە کە بەهۆی دەستگیرکردنمەوە لێم کەوتوو. | ٣٤.١% | ١٥.٩% | ٢٠.٥% | ١٩.٣% | ١٠.٢% | ١٠٠% |

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

### ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

1.سزادان و زیندانی کردنی تاوانباران چەندین شوێنەواری لەسەر ژیانیان هەیە، لەسەر ئاستی خێزانی دەبێتە هۆی نەمانی کۆنترۆڵ لەسەر ئەندامانی خێزان، لاواز بوون و نەمانی پەیوەندییان بە خێزانەکانیانەوە، جیابونەوە و شکست هێنان لە ژیانی هاوسەری، سزا دراوان هەست دەکەن ماڵەوایان لێیان بێزار بوون و بونەتە بارگرانی لەسەر ئەندامانی خێزانەکەیان.

2. لەڕوی تێڕوانینی خودی و حەزی ژیانکردنەوە، هەست دەکەن تەمەنیان بەفیڕۆ چووە، بەهۆی دەستگیر کردنیانەوە زۆرێکیان وازیان لە خوێندن هێناوە، لەڕوی مادییەوە زیانیان بەرکەوتووە و هەست دەکەن ئەگەر ئازادیش بن  بە ئاسانی ناتوانن قەرەبوی ئەو زیانە بکەنەوە، چێژ لە ژیان وەرناگرن، پێیان وایە: تەمەنیان بەسەر چووە و پاش ئازاد بوون نایانەوێت منداڵ بخەنەوە، بەشێوەیەکی مامناوەند دەیانەوێت لە کوردستان نەمێنن و کۆچ بکەن بۆ هەندەران،هەروەها ژیانی ناو زیندان توشی خەمۆکی و بێزاری کردوون.

3. نزیکەی ٧٠٪ پێیان وایە پاش تەواو کردنی ماوەی یاسایی ناتوانن وەک کەسێکی ئاسایی دەست بەژیان بکەنەوە، هەست دەکەن کۆمەڵگە پەرێکی تازەیان لەگەڵ هەڵنەداتەوە و گرفتەکانی ژیانیان بەردەوام دەبێت، پێیان وایە: دەزگاکانی چاکسازی نەیان توانیوە کار لەسەر دەرون و کەسایەتی سزادراوان بکەن و دیدی و تێڕوانینان بگۆڕن، ئەوانەشی کە گۆڕاون خۆیان کاریان لەسەر خۆیان کردووە،

4. هەست بە تەنهایی و بێ کەسی دەکەن، هیواو ئاواتیان نەماوە، دەرونیان ئازاریان دەدات کە تاوانیان کردووە و هەست دەکەن دەیان توانی ڕێگەیەکی دیکە هەڵبژێرن و تاوان ئەنجام نەدەن، لە دوژمنداری دەترسن و هەست دەکەن کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان چارەسەر نابن.

## پێشنیاز

پێشنیاز دەدەینە ئەو توێژەرانەی پاش ئێمە توێژینەوە ئەنجام دەدەن، بایەخ بە خێزانی سزادراونا بدەن و توێژینەوە لەسەر دۆخی دەرونی و کۆمەڵایەتی خێزانی سزادراوان بکەن.

## ڕاسپاردە

لەڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە چەند ڕاسپاردەیەک دەخەینەڕوو:

١.پێویستە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و پسپۆڕانی دەرونناسی سمینار و چاوپێکەوتنی تایبەت ئەنجام بدەن بۆ سزادراوان تاکو باری دەرونیان ئارام بێتەوە و زیاتر هۆشیار بکرێنەوە.

٢. زۆربەی سزادراوان بڕوانامەیان نییە و لە خوێندن دابراون، پێویستە هاوکاری بکرێن و پاڵپشتیان بن تاکو بتوانن بەردەوام بن لە خوێندن و بڕوانامە بەدەست بهێنن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣. لە ڕوانگەی قوربانیناسییەوە، پێویستە چاودێری خێزانی سزادراوان بکرێت تاکو منداڵەکانیان بەباشی پەروەردە بکرێن و تاوانکاریان لێ دەرنەچێتەوە.

٤. لەڕونگەی تۆری (لەکە)وە پێویستە کار لەسەر هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە بکرێت بەوەی سزادراو پاش تەواوکردنی ماوەی یاسایی، دەبێتەوە بە تاکێکی ئاسایی و نابێت بە چاوی لەکە و خراپەوە سەیری سزادراو بکرێت.

٥. هەندێک لە سزادراوان، دەرونیان ئااریان نادات کە تاوانیان ئەنجام داوە، پێویستە لەگەڵیان قسە بکرێت و هۆشیار بکرێنەوە بەوەی ئەنجامدانی تاوان خزمەتیان ناکات.

## سەرچاوەکان


1. *Bushan, Vidya & D.R Sachdeva, (2005.)* ***An introduction to sociology****, Kitab Mahal publisher, century publisher, 39th edition, p71.*
2. *David Ashley & David Michael Orenstein, (2007),* ***Sociological Theory classical statement,*** *sixth edition, person education publisher, India.*
3. *3.Thomas J. Bernard and Jeffrey B. Snipes, (1997),* ***Theoretical Criminology****, fourth Edition, Oxford University Press, Oxford, p 39*
4. *Eugene McLaughlin and John Muncie, (2001),* ***The sage Dictionary of Criminology****, SAGE Publications, London, p 102.*
5. *Mike Maguire and others, (2012),* ***The Oxford Handbook of Criminology****, Oxford University Press, p 92.*
6. *William Laufer,( 1999),* ***Advances in Criminological Theory - The Criminology of Criminal Law****, Transaction Publishers, London, p 223.*
8. *Kelly Frailing , (2015)* ***Fundamentals of Criminology****, Second Edition, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data, USA, p 139*
9. *Alex R. Piquero and David Weisburd, (2010),* ***Handbook of Quantitative Criminology****, Springer-Verlag publisher, New York, p 122*
10. *Freda Adler and others, (2010),* ***Criminology****, Published by McGraw-Hill, an imprint of The McGraw-Hill Companies, New York, p 132.*
11. *Joseph E. Jacoby and others, (2012),* ***Classics of Criminology****, waveland press, USA, p 89.*
12. *Michael Lynch and others,(2011),* ***Green Criminology and Green Theories Of Justice****, University of South Florida, USA, p 102.*
13. *Russell Hogg and Kerry Carrington, (2002), Critical* ***Criminology****, Willan publishing, Canada, p 71.*
14. *Russell Hogg and Kerry Carrington, (2002), Critical* ***Criminology****, Willan publishing, Canada, p 96.*

15. *Berg, B, Qualitative Research Methods for the Social Sciences, Needham Heights, MA: Allyn and Bacon, 1998, p 77*

## Social Consequences of Admitting Crime on Prisoner's Life

**Suren AkramHamanajm**
Department of Sociology, College of Law and International, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
surenakram@lfu.edu.krd

***Keywords***: *Social qonsequenses, Victimology, labelening theory, jail, crime.*

## Abstract

This research has two gates, the first gate is dedicated to the theory of the research and it has three chapters. In chapter one, the (problem, significance, and purpose) of the research has been written. In chapter two the concepts of (Consequence, crime, and presence) has been defined .in chapter three labeling theory and victimology has been clarified. The second gate has been dedicated for applied research; chapter four is dedicated for (research community, sample of research, the method of the research, Tools for Gathering Information). Chapter five is about Analysis and Presentation Data, first debate showsAnalysis and PresentationData, Second debate determinations Conclusion, Research results, Research recommendations Research suggestions, Bibliography.

---

## الآثار الاجتماعية لارتكاب الجرائم على حياة السجناء

### ملخص:

لهذا البحث بوابتان، البوابة الأولى مخصصة لنظرية البحث ولها ثلاثة فصول. في الفصل الأول ، تم كتابة (المشكلة والأهمية والغرض) من البحث. في الفصل الثاني تم تعريف مفاهيم (النتيجة والجريمة والوجود) في الفصل الثالث تم توضيح نظرية الوسم والضحايا. تم تخصيص البوابة الثانية للبحوث التطبيقية. الفصل الرابع مخصص ل (مجتمع البحث، عينة البحث، طريقة البحث، أدوات جمع المعلومات). الفصل الخامس هو حول بيانات التحليل والعرض ، المناظرة الأولى تظهرالتحليل وبيانات العرض ، المناقشة الثانية التحديدات الخاتمة ، نتائج البحث ، توصيات البحث اقتراحات البحث ، الببليوغرافيا.